پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە: لە (موخابەرە:المخابرة) و(موحالەقە:المحالقة) ولە (موزابەنە:المزابنة)، ولە فرۆشتنی بەربووم هەتاوەکو گونجاو دەبێت بۆ خواردن، هەروەها نابێت بفرۆشرێن مەگەر بەرامبەر دینار ودرهەم نەبێت جگە لە حاڵەتی (عەرایا:العرایا) نەبێت

لە جابری کوڕی عبداللەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە: لە (موخابەرە:المخابرة)* و(موحالەقە:المحالقة)** ولە (موزابەنە:المزابنة)^، ولە فرۆشتنی بەروبووم هەتاوەکو گونجاو دەبێت بۆ خواردن، هەروەها نابێت بفرۆشرێن مەگەر بەرامبەر دینار ودرهەم نەبێت جگە لە حاڵەتی (عەرایا:العرایا)^^ نەبێت». *(-موخابەرە:المخابرة- // واتە: کارکردن بۆ کەسێک بەرامبەر ئەوەی خاوەنەکەی بەشێک لە بەروبوومی شوێنێکی دیاریکراوی کێڵگەکەی وەکو کرێ پێببەخشێت)، **(-موحالەقە:المحالقة- // واتە: واتە فرۆشتنی دانەوێڵەیەک لە نێو گوڵەکەیدا بێت ودرەو نەکرا بێت یان هەر بەروبومێکی تر کە نەکرابێتەوە لە دارەکەی بەرامبەر دانەوێڵەیەکی خاوێنی وشکی کە درەو کراوە وجیاکراوە یان بەروبوومەکە لە دارەکە کراوەتەوە وجیاکراوەتەوە)، ^(-موزابەنە:المزابنة- // واتە: فرۆشتنی خورما یان بەروبوومێکی تر کە لەسەر قەدی دارەکەیە ونەکراوەتەوە بەرامبەر خورما یان بەروبوومێکی تری کە کراوەتەوە بە کێشان)، ^^(-عەرایا:العرایا- // واتە: فرۆشتنی خورمای پێگەیشتوو بەرامبەر بە خورمایەک جۆرەکەی کەمتر بێت لە ڕووی چۆنێتیەوە -پاش ئەوەی نرخەکەی دەزاندرێت بە خەملاندن یان زۆرینەی گومان-؛ چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوخسەتی پێداوە)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە چەند جۆرە فرۆشتنێک کە پەیوەستە بە بەروبومەکان چونکە زیانی هەیە بۆ هەردوو لایەن یان یەکێکیان، ولەو فرۆشتنە نەهی لێکراوانەش: (موخابەرە:المخابرة): ئەمیش بریتیە لە بە کرێگرتنی زەوییەک یان کارکردن بۆ کەسێک بەرامبەر ئەوەی خاوەنەکەی بەشێک لە بەروبوومی شوێنێکی دیاریکراوی کێڵگەکەی وەکو کرێ ببەخشێت بە کرێکارەکە یان ئەو کەسەی زەوییەکەی بە کرێ گرتووە. وهەروەها نەهی کردووە لە (موحالەقە:المحالقة): واتە فرۆشتنی دانەوێڵەیەک لە نێو گوڵەکەیدا بێت ودرەو نەکرا بێت یان هەر بەروبومێکی تر کە نەکرابێتەوە لە دارەکەی بەرامبەر دانەوێڵەیەکی خاوێنی وشکی کە درەو کراوە وجیاکراوە یان بەروبوومەکە لە دارەکە کراوەتەوە وجیاکراوەتەوە. نەهی کردووە لە (موزابەنە:المزابنة): واتە فرۆشتنی خورما یان بەروبوومێکی تر لەسەر قەدی دارەکە نەکراوەتەوە بەرامبەر خورما یان بەروبوومی تری کراوە بە کێشان. وهەروەها نەهی کردووە لە فرۆشتنی بەروبووم هەتاوەکو گونجاو دەبێت بۆ خواردن، هەروەها نابێت بفرۆشرێن مەگەر بەرامبەر دینار ودرهەم نەبێت جگە لە حاڵەتی (عەرایا:العرایا) ئەمیش بریتیە لە فرۆشتنی خورمای پێگەیشتوو بەرامبەر هەر جۆرێکی تر لە خورما بە مەرجێک: -پاش ئەوەی نرخەکەی دەزاندرێت بە خەملاندن یان زۆرینەی گومان-، وهەروەها کێشی خورماکە پێنج وسق* یان کەمتر بێت؛ چونکە لە فەرموودەی تردا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوخسەتی پێداوە. *(پێنج وسق دەکاتە 612 کگم)